


### وازیان لە ئەرکی خۆیان هێناوە و لــە ماڵ دانیشتوون

# ئەو پیاوانەی چاوەڕێی پارەی دەستی ژنەکانیانن!!

ئا: بێگەرد حوسێن



سیروان

**خاتوو (بەهرە حەمـــە رەش) ی رۆژنامەنووس پێی وایە کارکـــردن و بەڕێوەبردنی خێزان بە تەنیـــا ئەرکی پیاو نیە، بەڵام هاوکات دەشـــڵێت:** ژیانی هاوســـەری و رێکخستنی کاروبارەکانـــی خێزان بە هاوکاری و هەماهەنگی ژن و پیاو دەبـــێ، چونکە هیچ ماناو جوانییەك لـــە مرۆڤدا نیە گەر تەنیا بخواو بنوێت،کارکردن ئەو فەلســـەفەیە کە مرۆڤ لە ئـــاژەڵ جیا دەکاتەوە، هەر بەبڕوای بەهرە ژمارەی ئەو جۆرە پیاوانەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەم نییە کە لافی پیاوەتی لێدەدەن بەڵام مووچەو خەرجی رۆژانە لە ژنەکانیان وەردەگرن ، ئەو گوتی:گەر کەســـێکم قەبووڵ کرد ببێ بە هاوســـەرم پێویســـتە تەواو شارەزای بم، بە هیچ شێوەیەکیش رازی نابم بە پیـــاوی تەمبەڵ و کارنەکەر کە خۆی پێ لەســـەر پێ دابنـــێ و پارە لەمن وەرگرێ و ماڵم پێ بەڕێوە ببات، بەهرە هەر لە میانی قســـەکردنی لە بارەی ئەو حاڵەتە باســـی لـــە ئافرەتێك کرد کە لە کاتـــی ئامادەکردنی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی چاوی پێ کەوتووە کاتێك گووتویەتی من کار دەکەم پیاوەکەشم پارەکەم لێوەردەگرێ و دەمانچەی پێدەکڕێ و لە بازاڕو لە نێو خەڵکی لافی پێ لێدەدات.

**ـ (کۆمەڵگە وای لێنەهاتـــووە ئەوە قەبووڵ بکات پیاو لە ماڵ دابنیشـــێ و ئافرەت مەســـرووف بکات) (سیروان) ی رۆژنامەفرۆش جگە لەو قســـانە ئەوەشـــی گوت:** لە هیچ بارودۆخێکدا رەوایی بەخۆی نادات ژنەکەی یان ماڵە خەزورانی مەسروفی منداڵەکانی بکەن و ئەویش ئیسراحەت لێی دانیشـــێ، چونکە بە بۆچوونی (ســـیروان) گەر پیاو کار نەکات دەســـەڵاتیش لە دەست دەدات، بەڵام ئاساییە لە حاڵەتی نەخۆشـــی یان پەککەوتەییدا ئافرەت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت.

ـ (ژیـــان محەمـــەد) ی فەرمانبەریش گوتی: لەگەڵ ئەوەی ژیان لەگەڵ پیاوی لەو جۆرە زەحمەتە بەڵام خۆ ئەگەر کارنـــەکات چی لێدەکەیت، من دەتوانم نیوەی خەرجییەکانی ماڵ دابین بکەم و ببمە هاوکاری، بەڵام پێویستە ئەو راستییە بزانێ کـــە پیاوی کارنەکەر واتە پیاوێکی بێ دەســـەڵات، ئایا پیاو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رێگە بەخۆی دەدات خاوەن پێگەیەکی لاوازو بێ دەسەڵات بێ؟ هەروەها ( ژیان) باسی لەوەش کرد کە پیاوی تەمبەڵ روویەکی قورس و نەخوازراوی هەیە، کۆمەڵگە زۆر نیشـــانەی پرسیار لە سەر کەسایەتی دادەنێت، بەهەمان شێوە ژنیش وەك تاکێکی کۆمەڵگە پیاوی کارنەکـــەری خۆش ناوێ بەڵام بەڕێزو گەورەییەوە لە پیاوی چالاك و بە توانا دەڕوانێ.

**ـ (شێرزاد عەبدوولا) ش لەو بڕوایە دایە کارنەکردن زێتر خەســـڵەتی پیاوی خێڵە رەوەند نشینەکانە ، یان ئەوانەی کە بـــە (دۆم) ناوزەند دەکرێن،** بـــەڵام کاتێك ئەنجامی هەردوو لێکۆڵینەوەکەی ئەمەریکاو وڵاتی میســـرمان پێگەیاند، ئەو بە سەرسوڕمانەوە گوتی: بەڕاستی سەیرە لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی وەك کۆمەڵگەی ئەمەریکی رێژەی ئەو پیاوانە هێندە زۆربێ، شێرزاد هەر لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەش کرد کارنەکردنی پیاو ئاســـەواری خەراپ لەسەر داهاتووی خێزان جێدەهێڵێ، چونکە کارنەکردن واتە بێ دەسەڵاتی پیاو، بەڵام پیاویـــش هەر چۆنێك بێ لـــە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو بێدەسەڵاتییە قەبوڵ ناکات، لێرەوە بەر یەککەوتن لە نێوان ژن و پیاو ســـەر هەڵدەداو شەڕو ئاژاوە دەبێتە بەشێکی سروشتی ژیانیان.

***■ لـــە لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای ئاماری ئەمەریکیدا هاتـــووە، ژمارەی ئـــەو پیاوانەی چاویان لە دەســـتی ژنەکانیانە یان لە ماڵەوە بێ کار دادەنیشن و خێزانەکانیان مەسروفی ئەوان و منداڵەکان دەکەن، ژمارەی ئەو جۆرە پیاوانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆی لە (٢) ملیۆن، پیاو دەدات!!***

***بێگومان ئـــەو ژمارەیە ژمارەیەکی کـــەم نیە بەڵام لەهەمان کاتدا زمانی ئامـــارو لێکۆڵینەوەکان ئەوەمان پێدەڵێـــن کە ئەو حاڵەتە تەنیـــا حاڵەتێك نیە تایبەت بە ئەمەریکا یان کۆمەڵـــگا رۆژئاواییەکان بەڵکو رێژەی***

**●●●**

**پیاوی کارنەکەر روویەکی قورس و نەخوازراوی هەیە کۆمەڵگە دەیان نیشانەی پرسیار لە سەر کەسایەتی دادەنێت**

**●●●**



**●●●**

**هەرگیز رازی نابم بە پیاوی تەمبەڵ و کارنەکەر، چونکە کارکردن ئەو فەلسەفەیە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە**

**●●●**

**ئەو پیاوانە لــە کۆمەڵگــە رۆژهەڵاتییەکانیش زۆرە، ئەوەتــا ســەنتەری نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پرســە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتی میسر دەڵێت: ٪٢٣ی خێزانە میســرییەکان ئافرەت بەڕێوەیان دەبات و پێداویســتیان دابین دەکات.**

**لە وانەیە لــە کۆمەڵگەی کوردەواریشــدا بە هۆی گۆڕانی زۆر لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و ســەخت بوونی ژیان وباری ئابووری خێزان ژمارەی ئەو پیاوانە لە زیاد بوون دابێ یان ئافرەت چالاکانەتر بەشداریێ لە بەڕێوەبردنی ماڵ و دابین کردنی پێداویســتی خێزان و**



**ـ (رێــدار ئەحمەد) لە راگەیاندنی وەزارەتی ژینگە پێی وایە** ژمارەی ئەو جۆرە پیاوانە لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر نیە، بەڵام لەهەمان کاتیشــدا ناکرێ بڵێین بوونیان نیە، چونکە پیاوی واش هەن کەســایەتی لاوازو تەمبەڵن ســەرباری ئەوەش هێشتا ژنەکانیان دەچەوســێننەوە و ئازاریان دەدەن، (رێدار) گوتیشــی: من خۆم مەسروفی ماڵ و منداڵەکانم دەکەم قەبولــم نیە خێزانەکەم بەو کارە هەڵســێ یان داوای یارمەتی لە خزم و کەسانی بکات، هەر بۆیە پیاوی لەو جۆرە بە نەفام و کەم توانا دادەنێم و داواش لە ژنان دەکەم قەبوڵیان نەکەن و ناچاریــان بکەن کاربکەن تا ماڵ و منداڵەکانیان راست و دروست پەروەردە ببن.

**ـ بە بڕوای مامۆســتا (باکوری) هونەرمەندیش** پیاوێك کە چاوی لە دەســتی ژنەکەی بێ بەخێوی بکا و خۆشــی واز لە ئەرکی پیاوەتی خۆی بێنێ و لە ماڵ دانیشــێ، ئەوا پیاوێکــی بێ بە هاو ناوەڕۆك پووچە، ، ئەو بە پێکەنینەوە داوای لە ژنان کرد ئــەو پیاوانە لەماڵ رانەگرن و تەلاقیان بــدەن، دوا جار گوتی: من وێڕای ئەوەی ئێســتا بە تەمەن داچوومــە و خانەنشــین کراوم کەچی هێشــتا قەبوولم نیە خێزانەکەم مەســروفم بکا بەڵکو لــە کارو ماندوبوونی خۆم ئەوانیش بەخێو دەکەم.

**(هەرگیز مەســروفی پیاوێك لە ئەستۆ ناگرم کە بە بێ هۆ کارنەکات)**

**ـ خاتوو (ســەباحەت حەمە تایــر) بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی هەولێر کاتێك ئەو قســانەی کرد ئەوەشی گوت:** بــەڵام گەر پیاو نەخۆش بوو یان هەر هۆکارێکی دیکە کەلە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو بوو، زۆر ئاساییە خێزانەکەی کار بکاو خەرجی رۆژانەو پێداویستییەکان دەستەبەر بکات، بەڵام بەبێ بوونی ئەو هۆیانە هەرگیز لە پیاو قەبووڵ ناکەم کارنەکات، چونکە بە پێی شــەرع و یاسا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی ئەوە، ســەبارەت بەوەش ئەگەر پیاو لە ماڵ منــداڵ بەخێو بکاو کاروبارەکانی دیکە بەڕێوە ببات، لە بەرامبەریشدا ژنەکەی لە دەرەوە کار بکات، (سەباحەت) ئەوەی بە شتێکی سەیرو ناوازە لە کۆمەڵگایەکی وەك ئێمە وەســف کرد و گوتی: بێگومان ئەو جۆرە پیاوانە پیاوی لاواز و بێ هەســتن، گەر نا نابێ بەو وەزعە رازی بن.


**ـ بە پێچەوانەی خاتوو (سەباحەت) خاتوو (ئەڤین ئیبراهیم جیهانگیر) دەڵێت:** ئەگەر شووم کرد هاوسەرەکەم رازی بێ لە ماڵەوە لە جیاتی من کاروبارەکان رابپەڕێنێ ئەوا ئاساییە بەلامەوە من مەسروفی بکەم و پێداویستییکانی دابین بکەم بەڵام گــەر بەبێ هۆو هەر لە تەمبەڵیــان کارنەکات، ئەوا قەبوڵ ناکەم و هانی دەدەم بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ.

**ـ لە روانگەی خاتوو (سورەییا مەحمودی) کۆمەڵناسیش فاکتەرەکانی ئەو جۆرە حاڵەتە بە پلەی یەکەم پەیوەســتە بە کەســایەتی پیاو ئینجا زروف و بــاری ئابووری کۆمەڵگە،** (ســورەییا) دەڵێــت: لێکۆڵینەوەکان دەریان خســتووە کاتێك مرۆڤ قەناعەت بە جۆرە ئایدیا یان شــێوە ژیانێك دێنێ و لەسەری رادێت، دواتر زۆر بە زەحمەت دەستبەرداری دەبێ و لەو قاڵبە دەردەچێ هەوەها گۆڕانی بەشــێك لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەی بیرکردنەوەی تاکەکان هەمدیسان کاریگەریان هەیە، لە دوا بەشــی قســەکانیدا (ســورەییا) هۆکارەکانی بێ دەنگی یان رازی بوونی ئافرەتانی بەو جۆرە پیاوانە بۆ ناچاری و بێ دەسەڵاتی ئافرەت گەڕاندەوە.


بەهرە

●●●
**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: کەسایەتی پیاو و زروف و باری ئابووری کۆمەڵگە کاریگەریان هەیە**
●●●

●●●
**هیچ کاتێک رێگە نادەم ژنەکەم یان ماڵە خەزوورانم مەسروفی منداڵەکانم بکەن**
●●●



# تەنگژە نیشتەجێبوون هۆکارێک بۆ تەڵاقدان و چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی.... چۆن چارەسەر دەکرێت؟

■ ئەمڕۆ کێشـــەی نیشـــتەجێبوون، بەهەموو دەرکەوتە نەرێینیەکانییەوە، بۆتە تەنگژەیەکی حاشاهەڵنەگر، بەڵکو بۆتە سەرچاوەی گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی وەها کە زەرەرو زیانی زۆری بەتاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی گەیاندووە... ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە کە بەشێکی زۆری گەنجانی ئەم وڵاتە بەهۆی بێ جێی و دەستنەکەوتن یاگرانی لە ڕادەبەدەری (خانووبەرە)، جا کڕین بێ یا کرێ بێ، نەیانتوانیوە پڕکێشی بکەن و ژن بهێنن...

ئەگەر گوێ لە خەڵك بگرین و ســەرێك بەنێو دادگاکاندا بکەین دەبینین دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی(نیشتەجێبوون)ەوە لە نێوان ئەوانەی کە کرێچین و ئەوانەی کە تازە ژنیان هێناوە، یا لەمێژە ژیانی هاوســەرێتییان پێکهێناوە و چیتر ناتوانن لەگەڵ ماڵە باوانیان بژین، پەیدابووە، هەندێك هۆیەکانی کێشـــەی نیشـــتەجێبوون و کەمی و گرانی خانووبەرە بۆ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و هــەندێکیش بۆ یاسای بەکرێدان و هــەندێکی دیکەش هۆی دیکە دەکەنە سەرچاوە.■

چەند رۆژێك پێش ئێستا سەردانی دادگای باری کەسی (شەرعیە)ی هەولێرمان کرد، بۆ ئەوەی چەند زانیارییەك سەبارەت بەو کێشانە وەدەست بێنین کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بەهۆی کێشەی نیشتەجێبوونەوە پەیدا بوونە.. کاتژمێر(١٠)ی پێش نیوەڕۆ بوو کە چووینە هۆڵی دادگای ناوبراو، دادوەری یەکەمی ئەم دادگایە کە بەڕێز دادوەر(عەدنان حەسەن دەلۆ)یە، خەریکی دادبینی بوو لە کێشەیەکی خێزانی... لەسەر یەکێ لە کورسییەکان دانیشتین و ئامادەی دادبینییەکە بووین گوێمان لە هەردوولای کێشەکە گرت، ژن و پیاوێکی گەنج بوون... ژنەکە ئافرەتێکی (٢٨)ساڵە بوو، بەرامبەر بە قازی لەدەستە راستی وەستابوو، کاتێك نۆرەی قسەکردن هات گوتی: جەنابی دادوەر وەکو پێشتریش لە یەکەم رۆژی دادبینی گوتبووم، تاوەکو خانووی سەربەخۆم بۆ نەگرێت ناچمەوە لای مێردەکەم، چونکە هەقی خۆمە لە خانوویەکدا بژیم کەسەربەخۆبم تیایدا، لەگەڵ کەسدا هاوبەش نەبم، نە من ئاسوودەی ئەو تێکبدەم نە ئەویش، نە من خۆم لە کاروباری ئەو هەڵقورتێنم نە ئەویش، جا ئەو خانووەم بۆ بەکرێ دەگرێ یا دەیکڕی کەیفی خۆیەتی...

پاشان دادوەری بەڕێز دەرفەتی بە پیاوەکەیدا کە بەرگری لە خۆی بکات و بزانێ ئاخۆ داواکاری ژنەکەی جێبەجێ دەکات یان نا، پیاوەکەش گوتی: جەنابی دادوەر من سەرچاوەی بژێوم تەنیا مووچەکەمە، ئەویش ئەگەر بەحاڵ بەشی خەرجییەکانی ناو ماڵ بکات لە کوێ خانووم پێدەگیرێ کە ئەمڕۆ کرێی خانوو بۆتە ئاگر... باوکم دوو ژووری گەورەی داومەتێ لە نهۆمی سەرەوە، کە ئاودەست و گەرماویشی لێیە و دەرگای نهۆمی سەرەوەش جیاوازە لە دەرگای سەرەکی خانووەکە و سەربەخۆیە، تەنانەت نهۆمی سەرەوە بەتەواەتی سەربەخۆیە لە ماڵی باوکم،هەروەها دایکیشم بە هیچ شێوەیەك خۆی لە ژیانی ئێمە هەڵناقورتێنێ، بگرە یارمەتیشمان دەدات، بۆیە بەرژەوەندی خۆم و خێزانەکەمان لەوەدایە کە من لە خانووی باوکم دابنیشم ئیدی نازانم ئەم ژنەم پەڵپ وبیانووم بۆچی پێدەگرێ.

بەهەرحاڵ دوای وەرگرتنی وتەی هەردوولا، دادوەر دادبینییەکەی دواخست بۆ کاتێکی تر... هەر لەو میانەدا بەڕێز دادوەر(عەدنان حەسەن دەلۆ) هەندێ سەرنجی خۆی لەسەر ئەو بابەتە بۆ روونکردینەوە و گوتی: دابینکردنی ماڵی سەربەخۆ مافێکی رەوای ژنە، یاسا ئەمەی بۆ ژن مسۆگەر کردووە و داکۆکیشی لێدەکات، جا پیاوەکە باری دارایی خراپە یان باشە، ئەوە شتێکی ترە، زۆر جاریش لەسەر ئەمە دەبێتە کێشەیان و دواجاریش لێکجیابوونەوەیان.

ئەگەرچی هەندێکجار ژن ئەمە دەکات بیانوو، بۆ جیابوونەوە لە پیاوەکەی بەڵام بەهەرحاڵ داواکردنی ماڵی سەربەخۆ مافێکی بێ چەند و چوونی ژنە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەم داواکارییە بارێکی قورسە بەسەر شانی پیاوەوە، بە بڕوای من لێرەدا کێشەکە پەیوەندی بە یاسای باری کەسییەوە نییە، بەڵکو هۆی ئابووری و یاسایی دیکەی هەیە و دەبێ کێشەکە لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە چارەسەری بۆ بدۆزریتەوە.

ئەمڕۆکە کێشەی نیشتەجێبوون چەندین مەوداو دوورایی هەیە کە هەر مەوداییەك بۆخۆی لێکۆڵینەوەی ورد و زانستییانە و سەربەخۆی گەرەکە، بەڕای دادوەری دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر بەڕێز (موسڵح گەیلانی) سێ هۆکاری سەرەکی بوونەتە هۆی پەیدابوونی کێشەی نیشتەجێبوون. لەو بارەیەوە بەڕێزیان گوتی: یاسای ژمارەی ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩هۆکاری سەرەکی ئەم کێشەیەیە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی کوردستان ناگونجێت، جابۆ ئەوەی ئیشکالییەتەکانی ئەم یاسایە چارەسەر بکرێت، گەرەکە یاسایەکی باشتر و پێشکەوتووتر و شیاوتر و تۆکمەتر دابڕێژرێ، بە جۆری بەرژەوەندی هەر دوولایەنی گرێبەستی بەکرێدان و کرێچی و خاوەن موڵك لەبەرچاو بگیرێ و جۆرە هاوسەنگی و دادپەروەرییەك لەنێوان هەردوولادا بێنێتە کایە و ئەو کێشانەی کە بەهۆی بەکرێدانەوە پەیدابوونە بنبڕ بکات، چونکە ناکرێ یاسایەکمان هەبێت تیایدا کرێچی لایەنی لاوازی گرێبەست بێت و خاوەن موڵکیش وەك دیکتاتۆر هەڵسوکەوت بکات و ئەو زیاتر بپارێزێ.



دادوەر موسڵح

هۆکاری دووەم بەڕای من بۆ ئەو کۆمپانیا بە درۆ و وەهمیانە دەگەڕێتەوە، کەوا بە ناهەق کرێیان لەسەر خەڵك گران کردووە، جگە لە گرانکردنی کرێ خانوو، کاری ساختەشیان لەگەڵ خەڵك کردووە و پارەی دەیان کەسیان خواردووە... من ئەو پرسیارە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان و خەڵك دەکەم ئایا دەکرێ بەبێ دانانی هیچ زەمانێك لە بانك ئەوکۆمپانیا وەهمیانە تۆپ تۆپێن بەخەڵك بکەن، هۆکاری سێیەمیش حکومەتە... بۆ بنبڕکردنی ئەم کێشەیە پێویستە حکومەت وەکو لایەنی سەرەکی لەم هاوکێشەیە وەکو تەماشاکەرێك سەیری ئەو کێشەیە نەکات کە بەربۆتە گیانی خەڵك، بەڵکو پێویستە پلان و نەخشەی زانستییانە و دوورمەودای بۆ چارەسەرکردنی هەبێت.

•••
دادوەرێک:
هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەیە یاسای بە کرێدانە نەک یاسای باری کەسی
•••

وەکو دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوە بۆ خەڵك، باڵاخانە لەشێوەی (شقق) دروست بکات و ئەوانەش لەسەر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و کرێچی راستەقینە و کەسانی موحتاج و لێقەوماوی حەقیقی دابەش بکات، بەتایبەتیش توێژی کەمدەرامەت و فەرمانبەران..

دوا قسەشم ئەوەیە کە پرۆژە یاسایەکی رێکوپێك و تۆکمە و دادپەروەرانە بۆ یاسای بەکرێدان دابڕێژرێت، ئەگەرچی وەکو دەبیستین پرۆژە یاسایەك بۆ یاسای بەکرێدان لە پەرلەمانە، بەڵام بەڕاستی ئەوانیش جێگەی رەخنە و گلەیین، چونکە تائێستا ئەو پرۆژەیەی کە باسی لێوەدەکرێ هەر لە پەرلەمانە و بڵاویان نەکردۆتەوە، پێویستە بڵاوبکرێتەوە خەڵکانی پسپۆر و یاساناسان و دادوەران و ئەوانەی کە راستەوخۆ لەگەڵ موعانات و کێشەکای خەڵك دەژین و دەزانن کە چ باشە لەو پرۆژە یاسایەدا هەبێ، ببینن و بیخوێننەوە و گفتوگۆی زانستییانە و یاساییانە بکەن و هەڵیبسەنگێنن و قسەی خۆیان هەبێ و هەموو لایەکیش ئاگاداری یاساکە و وردەکارییەکانی بێت، چونکە خەڵك مافی خۆیەتی هەر یاسایەك ببینێ کە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی ئەوەوە هەیە.

•••
پارێزەرێک:
نەبوونی سیاسەتێکی تایبەت بە نیشتەجێبوون هۆکاری ئەو تەنگژەیەیە
•••

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا حکومەتی هەرێمی کوردستان زەوی بەسەر چەندین چین وتوێژی کۆمەڵ دابەشکرد کە رێژەیەکی زۆر کەم توانیان بیکەنە خانوو، چونکە حکومەت لە مەڕکردنیان بەخانوو هیچ هاوکارییەکی ئەو خەڵکەی نەکرد هەر وەك پارێزەری راوێژکار بەڕێز(سامی رۆژبەیانی) روونی دەکاتەوە و دەڵێ: حکومەت شتێکی چاکی کرد کە هەر توێژە و پارچەیەك زەوی پێبەخشی، بەو هیوایەی کە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکات، بەڵام بەداخەوە کێشەکە چارەسەر نەبوو بەڵکو قوڵتریش بووەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە لەبەر نەبوونی ئیمکانیات و دارایی پێویست نەیانتوانی بیکەنە خانوو،


بەڕای من دەبوایە ئەوە لێکبدرابایەوە ئەو کەسەی کە زەوی پێدەدرێ دەتوانێ بیکاتە خانوو، یان ئایا بەراستی دەیکاتە خانوو یان نا؟



پارێزەر سامی

ئینجا دەبوایە کەرەســـتەی بیناو سولفەی عەقاری و ئەو جۆرە هاوکاری و پشتگیرییانەی کردبا بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك دەستی بۆ خانووکردن بردبا، راســـتە خەڵکێکی زۆر زەوییان وەرگرت بەڵام هەمووشیان سەد دەرسەد موستەحەق نەبوون، چونکە هەبوو، کڕین و فرۆشتنی پێدەکرد هەش بوو چەندین جاری تر وەریگرتبوو...

دابەشـــکردنی زەوی هەنگاوێکی گرنـــگ و پڕبایەخ بوو کە حکومەت هاویشـــتی، بەڵام ئەویش بێ کەموکوڕی نەبوو، بۆیە نەیتوانی بە مســـۆگەری و بەشێوەیەکی کاریگەر ببێتە هۆیەکی راســـتەقینە بۆ چارەســـەرکردنی ئەو تەنگژەیە، هـــەروەك بەڕێز پارێزەر(یونس یوســـف بلّباس) دەڵێ: دابەشـــکردنی زەوی ئەگەر بەپێی پلانێکی کارگێڕی و ئەندازەیی زانستییانە بایە، بەشێوەیەکی راســـتەوخۆ دەبووە هۆی کەمکردنەوی تەنگژەی نیشـــتەجێبوون، بـــەڵام بەداخەوە ژمارە زەوییەکی زۆر دابەشـــکرا و نەشـــیتوانی بەشدارییەکی کاریگەری کەمکردنەوەی تەنگژەکە بکات، چونکە لـــە هەموو دنیادا باوە پێش ئەوەی هیـــچ پارچە زەوییەك دابەش بکرێ یا گەڕەکێك بکرێتەوە، حکومەت پێشوەخت دێت گەڕەکەکە یـــا کەرتەکە دابەش دەکات و نەخشـــەیەکی ئەندازەیی بۆ بردنی خزمەتگـــوزاری رێکدەخـــات، ئیـــدی وردە وردە خزمەتگوزارییە پێویســـتەکانی بۆ دابین دەکات، تـــا هەمووی تەواو دەکات ئینجا دەست بەدابەشکردنی زەوییەکان دەکات، کەچی لای ئێمە تا ئێستا گـــەڕەك و کەرت هەن چەندین ســـاڵە هیـــچ خزمەتگوزارییەکی بۆ نەچـــووە ئاخر خەڵك چۆن دەتوانێ بیکاتـــە خانوو، لەبەر ئەو هۆیە بەڕای من زەوی دابەشـــکردن نەبووە هۆی چارەسەرکردنی تەنگژەی نیشتەجێبوون.



●●●

**ئافرەتێک:**
**تا پیاوەکەم خانووی سەربەخۆم بۆ نەگرێت ناچمەوە**

●●●

●●●

**پێویستە حکومەت پلان و نەخشەی زانستییانەی دوورمەودای هەبێ بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە**

●●●